

# شانۆی مۆبایل و دەربڕینگەرێتی جەستە

**لێدوانی: ئەردەڵان ساڵح**
**(سلێمانی)**

ئەزموونەکانی ئێمە لە بواری پراکتیزەکردنی پرۆسێسی شانۆییدا یەک ئاراستەی بڕیوە و زۆرجاریش هەوڵەکان لەو بوارەدا خۆیان ئاشکرا دەکەن، ئەوەی هونەری شانۆ جیادەکاتەوە لە زۆرێک لە ئاراستە ئەپستمی و هۆشیارییەکان، بوونی کایەی ڕیتواڵی و هەمە جۆری ئەم هونەرەیە..

جا بۆ ئەوەی بگەینە شێوازی هەمە جۆر چ لە بواری تیۆریزەکردن چ لە بواری پراکتیکیدا پێویستیمان بە ئەزموونکردن هەیە، بۆ ئەوەی بتوانین شێوازێکی ناباو لە ڕەوتی شانۆ بخولقێنین، یەکێکیش لەو هەوڵە سەرەتاییانەی ئەو بوارە کتێبێکی نوێی (هونەرمەند بورهان قەرەداغی)یە کە لە ساڵی (٢٠٠٣) بەناوی (شانۆی مۆبایل و دەربڕینگەرێتی جەستە) چاپ کراوە کە هەر وەک ئاماژەمان پێدا ئەم کتێبە (١١٥) لاپەڕەییە هەوڵێکە بۆ تیۆریزەکردنی هەنگاوە پراکتیکییەکانی هونەرمەند لە ساڵی ڕابوردوودا کە من بۆ خۆم یەکێک بووم لە بەشداربووانی ستاف و ئەو هەوڵەی کە دواتر ناوبرا بە (شانۆی گەڕۆک). ئەم هەوڵەی بورهان قەرەداغی بەشێوازێکی ئاراستە بۆکراو هەوڵ دەدات بە چەقی ئەزموونەکانی خۆیدا بڕوات لە ئەزموونی گەڕۆک کە لە سێ ئەزموونی شانۆیی گەڕۆکدا خۆی دەبینێتەوە بە ناوی شانۆیی:

(أ) دارستانی بەختیاری.

(ب) ژن لەنێو تاوێرەکاندا.

(ج) گەڕاندنەوە بۆ خوێندگە.

من لە دوو ئەزموونیاندا هاوکارو بەشداربووی پرۆژەکە بووم چ وەک نواندن چ وەک دۆزینەوەی سیستەم و میتۆدی کارکردن.

نووسەر کتێبەکەی دابەش کردووە بەسەر دووبەشی سەرەکیدا، بەشی یەکەم: شانۆی مۆبایل، بەشی دووەم: دەربڕینگەرێتی جەستە، دواتریش بە هۆی دوو تەوەرەکە هەر تەوەرەیەکیان باس و وتارێکی تایبەتە ئەم دوو بەشەی بە یەکترەوە بەستووەتەوە.

وەک ئاماژەم پێدا، نووسەر دەیەوێت ئاراستەیەک دەستنیشان کات بۆیە ئەکتیڤ کردنی پرۆسێسی وەرگرتن لەلایەن بینەرەوە کە بەهاوکاریی نێرەر کە لە ئەکتەردا بەرجەستە دەبێت، دیارە خولقاندنی ئەم هاوکێشەیەش بێ میتۆدو پاشخانێکی قووڵی فیکری شتێکی مەحاڵە، پێم وایە ئەمە تاڕادەیەک بۆشایی خستۆتە پرۆژەکەی نووسەر کە دواتر بەرەو کامڵتر دەڕوات ئەوەی ئەم کتێبەی نووسەر جیا دەکاتەوە لە زۆرێک لە ئەزموونەکانی دی، ئەو گەڕان و ئاشکرا کردنەیە کە نووسەر پێی دەگات چ لە ئەزموونی شانۆی مۆبایل وەک فۆرمێکی نوێ و ناباو لە ڕەوتی شانۆی ئێمەدا چ کەشفکردنی هەندێک وەزیفە و مەهارەی جەستە کە لە ئەنجامی بەها کولتووری و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە بۆی دەرکەوتووە.

کەشفکردنی بەهای شانۆ لە ناوسیاقی هەنووکەیی ژیانی مۆدێرندا هەرگیز بە بەها نوێکان ناسڕێتەوە، هەروەک ئەوەی بورهان پێی وایە کە تەکنەلۆژیای مۆدێرن لە ڕێگەی سینەماو T.Vی سەتەلایت و ڤیدیۆ.. تاد بینین و بیستنی



داگیرکردووین و گروپالیزەیشنیش وەک پرۆژەیەک پێگەی خۆی لە قایمکردندایە بە پێچەوانەوە ئاراستەی هەموو ئەم دەسکەوتانە بەرەو ئاقارێک مل دەنێ و ئاراستەی شانۆش بەرەو جێگەیەکی دی، چونکە لە ئەساسەوە گرووپاڵ نەهاتووە بۆ شاردنەوەی هونەرێکی نوخبەویی وەک شانۆ، بەڵکو هاتنی گرووپاڵ هەروەک نووسەر خۆشی دیالۆگی لەسەر دەکات، وەزیفەکان دەگۆڕێت و شوناسی نوێ بەکردەکان دەبەخشێت.

خاڵێکی دیی ئەم کتێبە کە حەق وایە لە نێوەندی بزاڤی شانۆییدا قسەو باسێکی هەمە لایەنە بخولقێنێ، ئەویش ئەوەیە نووسەر بانگەشەی تێکشکاندنی ڕیتمە باوەکانی شانۆ دەکات و پێی وایە شانۆی باو بینەر تەمەڵ دەکات و ئاستی بیرکردنەوەی بینەران سنووردار دەکات، بەڵام (مۆبایل شانۆ) هەوڵی وروژاندنی پرسیارو کەینوونە وجوودییەکانی ژیانی مرۆڤی هاوچەرخ دەدات، کە تارادەیەکی باش لەم کتێبەدا هەندێک خاڵ و نهێنیی گەورە کەشف کراوە و پەیی پێ براوە.

لە تەوەرەیەکی کتێبەکەدا لەو ئاستەدا کە کۆمەڵێک شانۆکار هەوڵمان بۆدا بۆ گەیشتن بە ڕیتمێکی جیاواز لە بە دەقکردن و بە نمایشکردن کە لەمانگی شوباتی (٢٠٠٢)دا بوو کە گرووپەکە پێکهاتبووین لە (بورهان قەرەداغی، کامەران سوبحان، لوقمان عەلی، هەوار شەریف- نەبەز ئەحمەد) بۆ ئەوەی بەدوای ستایلێکی نوێ بگەڕێین بۆ نمایشی کە ئەوکات ئێمە هەوڵمان دا زاراوەی (توندوتیژی) بکەینە چەقی کارکردن و دواتر بەجیاوازیی ڕوئیا و تێگەیشتن و ئاستی ڕۆشنبیریمانەوە دەقێک دروست بکەین و لە (٢٥) جێگەی جۆراو جۆردا پێشکەشی بکەین کە شوێنەکان (سلێمانی- هەولێر- کۆیە ڕانیە- دەربەندیخان- چەمچەماڵ- بەکرەجۆ- ژاڵە و چەندین گوندی تر) لەگەڵ کارگەی جلوبەرگی سلێمانی کە (٧٠٠) کرێکاری ژن لەم کارگەیەدا کاردەکەن، دواتریش لەزیندانی گەورەی شاری سلێمانی.

دیارە توندوتیژی وەک سیمایەکی دیاری کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی لەم ساڵانەی دواییدا دەرکەوت هەر ئەمەش وای لە ئێمە کرد ئەم چەمکە هەڵبژێرین. دواتریش پێوەندیی ئەم چەمکە بەڕەگەزی مێینەوە کە ئێمە پێمان وابوو ژن گەورەترین و دڵڕەقترین توندوتیژیی بەرامبەر دەکرێت، هەربۆیە ئەم ئەزموونە لە دەزگا ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا سەدایەکی بەرچاوی هەبوو، بەڵام بۆشایی ئەم پرۆژەیە لەو خاڵەوە دەرکەوت کە جیاوازییەکی گەورە دەبینرا لە ئاستی ڕۆشنبیریی ستافەکەدا، چونکە بەرپاکردنی پرۆژەیەکی ناباو و جیاواز کە سەرجەم ئاراستە تەقلیدییەکانی شانۆ ببەزێنێت و هەوڵی ئەزموونێکی نوێ بدات، تەنیا بەوەوە ناوەستێت کە چەند کادرێکی ئەکادیمی پێی هەڵسن، بەڵکو ئەم پرۆژەیە پێویستی بە پشتگیریی و گەڕان و ڕۆشنبیرییەکی گەورە و فراوان هەبوو، کە بەداخەوە لەم ئاستانەدا زۆر هەژار و دەسکورت بوو، هەر ئەمەش وای کرد من لە دوا ئەزموونەدا بکشێمەوە و واز لەکارکردن بێنم لەو بوارەدا، کە دواتریش زۆرێکی دی لە هاوڕێیان وازیان هێنا، ب دڵنیاییەوە دەیڵێم گەربێتو ئەم پرۆژەیە بەردەوام بوایەو بە ڕوئیایەکی مەعریفیتر ئیشی تێدا بکرایە، ئەوا ئێستا زۆر شتی گەورەی کردبوو!!

دەربڕینگەرێتی جەستە..

نووسەر هەوڵ دەدات جارێکی دی وەزیفەو شوناس ببەخشێتەوە بەو کەرەستە و چەکە بەهێزانەی کە ئەکتەر جیا دەکاتەوە لە ڕەگەزەکانی تری شانۆ، جەستەش بەهێزترین چەکی ئەکتەرە بۆ گوزارشتکردن، جەستەی ئەکتەر پرۆسەیەکی عەفەوی و ساتەوەختی نییە کە تەنیا ئەکتەر لەسەر تەختەی شانۆ بەکاری بهێنێت لەگەڵ تەواوبوونی ڕۆڵەکەیداپەکی بخات، بەڵکو جەستە مێژوویەکی کۆمەڵایەتی و کولتووری هەیە کە مێژووەکەی بۆ مرۆڤی سەرەتایی دەگەڕێتەوە، لەو زەمەنەوە تا هەنووکە هەر قۆناغ و شوناسێک دراوە بە جەستە.

نووسەر هەر لەسەرەتاوە لە بەها ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکانەوە جارێکی دی پێناسە و پێگەی جەستە دیاری دەکات کە من پێم وایە ئەم خاڵە هێڵێکی بەهێزو تۆکمەی نووسەر لە







پەیی بردن بەو نهێنیی مێژووییەی جەستە، کە دواتر لە دوالیزمەی (جەستە/ ڕۆح)دا پێناسەی جۆراوجۆری پێدەبەخشێت و هەوڵی دۆزینەوەی فەلسەفە و بەها جەستییەکان دەدات بە شێوازێکی نوێ و مۆدێرن.

ئەو ئازادی جەستە بە ئازادیی ڕۆح و بە ئازادی گوزارشت ناو دەبات، چونکە جەستە کانگای هەموو گوزارشتەکانی مرۆڤن، (ستانسلافسکی) گەورە دەرهێنەرو بیریاری شانۆی ڕووسی لە لابۆرە شانۆییەکەیدا بە ئەکتەرەکانی دەڵێت: «هەر ئەکتەرێک لەسەر تەختەی شانۆ نەتوانێت دەستی بجوولێنێت، ئەوا ئەکتەرێکی جەستە مردووە!!».

ئەمە بەکارهێنانی ئەندامێک لە ئەندامەکانی جەستە، دواتریش کۆی پێکهاتەکان گوزارشتی جۆراوجۆر دروست دەکەن، کە ئەویش بەهەمان شێوازی ستانسلافسکی دەست بە نموونە دێنێتەوە کە لە یەکدا فرە گوزارشتە، (دەست) گوزارشتە بۆ سڵاو، گوزارشتە بۆ هەڕەشە، گوزارشتە بۆ دیلی، گوزارشتە جنێو، گوزارشتە بۆ یەکگرتن و تەبایی.. تاد.

ئەو سەرۆک وڵاتەی دەگەنە یەک و گەر دەست نەخەنە ناو دەست لەبەردەم فلاشی ڕۆژنامەنووسەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن، ئەوا کۆبوونەوەکەیان بە کۆبوونەوەیەکی ساختە و فاشل باس دەکرێت، هەر ئەمەشە ئەو دوو دەستەی (سەرۆک) کۆمارەکان لەناو دەستدا ئاماژەیە بۆ ڕێککەوتن و تەبایی.. ئەمانە گوزارشتی جەستە بوون، کە لە خۆڕا نییە جەستە دەکرێتە هۆکارێکی بەهێزی ئەکتەر، دواتریش مرۆڤ.

بورهان قەرەداغی هۆی لاکەوتەیی و پەراوێزی ئەکتەری کوردی بۆ لاوازی و مردوویی جەستەی گەڕاندۆتەوە، چونکە ئەوپێی وایە تا هەنووکە ئەکتەری کورد جەستەی لێ بارە و نازانێ چیی لێ بکات!!

لەکاتێکدا لەناو کەلەپووری نەتەوایەتی ئێمەدا چەندین سرووت و تەقسی گرنگ هەیە کە جەستە تێیدا دەگاتە حاڵەتی (نەشوە)، دەکرێت هەڵپەڕکێ دیارترین سیمای ئەو بەکارهێنانە بێت، چونکە لە (هەڵپەڕکێ)دا ئەندامانی ئەو هەڵپەڕکێیە دەگەنە ئەوپەڕی دەرەجەی خۆشی و چێژ، یان دەرویش و موریدەکان لەکاتی زیکرو حاڵدا دەگەنە ترۆپکی نەشئەو چێژ کە زۆرجار جەستەیان دەبێتە پووشێک و بۆ هەر کوێیەکیان بوێت دەیبەن.

لە شوێنێکی تردا نووسەر پێی وایە هۆکار بۆ دروستبوونی شانۆی گەڕۆک و ئەو سیستەمە ناباوەی مۆبایل دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەکتەر لە شانۆی داخراودا (شانۆی هۆڵ) تواناکانی سنووردار دەکرێت و ناتوانێت لەو سنوورە دەرچێت کە لە دیوارەکانی هۆڵدایە، بەڵام لە شانۆی گەڕۆکدا تا دوا نمرەی ڕەها ئازادە، ڕەنگە من لێرەوە لەگەڵ بورهان قەرەداغی جیا ببمەوە بۆچوونێکی جیاوازترم هەبێت، پێشم وایە ئەمە هەڵەیەکی مەنهەجییە کە ئەوی تێکەوتووە، چونکە شانۆی مۆبایل داهێنراوێکی جیهانییە و دەکرێت ناوی بەرین بە سیستەمی نوێی شانۆیی ئەمە مانای وا نییە ئەم شانۆیە ئیدی شانۆی هۆڵ ڕەفز دەکاتەوە، هەروەک ئەو پێی وایە هۆڵەکان توانای ئەکتەر سنووردار دەکەن، ئەم قسەیەی پێچەوانەی ئەو دەستەواژەیەتی کە نموونەی چەندین شانۆی ئەکتیڤ و سەرکەوتووی هێنایەوە لە ڕەوتی شانۆی ئێمەدا کە لە هۆڵدا نمایش کراون لەوانە (ئۆڤیلیا- جوانترین حەرام- وێنەی هونەرمەند دوای تافی لاوی)، بەڵکو دەبێت لەسەرئەوە ڕێک بکەوین کە مومارەسەکردنی شانۆ با بە هەموو شێوازو ڕیتمێک بێت، بە مەرجێک موقاوەمە و توانستی هونەریی هەبێت نەک بەو شێوازەی تەنیا بانگەوازی یەک شێواز لە شانۆ بکرێت، کە ئەمە بێگومان لە قاڵبدانی شانۆیە!

لە ئەزموونی شانۆی هاوچەرخدا چەندین شێوازو ڕیتم لە شانۆ پێشکەش دەکرێت کە هەمووشیان بەشانۆ ناو دەبرێت، بەتایبەتی لە وڵاتێکی وەکو بەریتانیادا تا هەنووکە شێوازو نمایشکردنی شانۆییەکان لە ژماردن نایەن. بێگومان گەیشتنە ئەم ستایلەی شانۆ کە نووسەر بانگەشەی بۆ دەکات لە ئەنجامی کەڵەکەبوونی ئەزموونکردنە لەسەر شانۆ نەک لەخۆڕا بێت و لە گازینۆیەک یان لەسەر شەقامێک یان لە بازاڕێکدا نمایش بکەیت.. دەکرێت قسەو باس زۆر مابێت لەسەر ئەم کتێبە، بەڵام من بۆ خۆم لێرەدا هەڵوێستەیەک دەکەم لەسەر ئەم کتێبە، چونکە پێم وایە، توانی گفتوگۆو دیالۆگێک بخولقێنێ، بەهیوام لە داهاتوودا وتارێکی دوورو درێژم لەسەر ئەم بابەتە هەیە و لە قۆناغی تەواوبووندا بتوانین ئەم باسانە بەرەو قۆناغێکی تۆکمە و قووڵ بەرین، ناشکرێت هەوڵی بورهان لەو بوارەدا نەنرخێنین کە دەیەوێت شتێکی نوێ و جیاواز بەرهەم بێنێت کە دڵنیام لە داهاتوودا هەر دەگاتە ئەو پرۆژە کامڵ و تۆکمەیەی کە خۆی هەوڵی بۆ دەدات..❖